# مەراسیمی شکۆداری یانزەهەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزب لە شارەکانی بەغداو کەرکوك

بۆ یەکەمجار لەدوای روخانی رژێمی بەعس حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئاهەنگی یادی دامەزراندنی لەشارەکانی عێراقدا دەگێڕێ. لەچەند رۆژ پێشترەوە تیمەکانی حیزب لەشارەکانی بەغداو کەرکوكو بەصرەو شارەبان دەستیان کرد بە هەڵواسینی پۆستەرو لافیتەو نووسینی شیعار لە رێگاوبانو شوێنە گشتییەکانی ئەم شارانە بۆ رێزلێنان لە یادی 11 ساڵەی دامەزراندنی حیزبو خستنەڕووی خواستەکانی جەماوەری عێراق بۆ نەهێشتنی نائەمنیو بێکاریو کێبەرکێی قەومیو دینیو عەشایەری.

رۆژی 21ی تەمووز کە دەکاتە ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزب دوو ئاهەنگی مەرکەزیی گەورە لە هەردوو شاری بەغداو کەرکوك سازکرا. مەراسیمەکەی شاری بەغدا سەعات 11ی سەرلەبەیانی لە هۆڵی کۆمیتەی بەغدا بەئامادەبوونی سەدان کەس لە ئەندامانو دۆستانو میوانان بەسروودی ئەنتەرناسیۆنال دەستی پێکرد. پاشان سەمیر عادل سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی حیزب بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش کردو بە کورتی مێژووچەی پێکهاتنو 11 ساڵ تەمەنی حیزبو کارو چالاکییەکانی بۆ ئامادەبووان باسکردو یادی ئەو ئازیزانەی کردەوە کە لەپێناو سۆسیالیزمو یەکسانیو ئامانجەکانی ئەم حیزبەدا گیانیان بەخت کردووە. پاشان هەریەك لە هاوڕێیان رشید ئیسماعیلو احمد عبدالستارو سالم فرحان وتەی کۆمیتەکانی رێکخستنی شارەکانی بەغداو ناصریەو شارەبانیان پێشکەش کرد. هەروەها فەلاح عەلوان سەرۆکی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکان وتەی یەکێتییەکەو لینا موسا وتەی رێکخراوی ئازادی ژنو عباس عبدالرحمان وتەی یەکێتی بێکارانی پێشکەش کرد. ئینجا پەیامی پیرۆزبایی رێکخراوی عێراقی ئازاد، کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤو رێکخراوی بازنشستەکان خوێنرایەوە. لەنێوان برگەکانی ئاهەنگەکەدا چەند شیعرو گۆرانییەك پێشکەش کرا.

ئامادەبووان بەشۆروشەوقەوە گوێیان بۆ بڕگەکانی ئاهەنگەکە شل کردبووو بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییان لەیەك ئەکرد.

ئاهەنگەکەی شاری کەرکوکیش سەعات 7ی ئێوارەی هەمان رۆژ لە یانەی مامۆستایان بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندامانو دۆستانی حیزب بەڕێوە چوو. ئاهەنگەکە بە سرودی ئەنتەر ناسیۆنال دەستی پێکردو هەریەك لە سەمیر عادلو زمناکۆ عەزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی حیزب لەشاری کەرکوك وتەیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. زمناکۆ عەزیز لە وتەکەیدا کە بەزمانی کوردی پێشکەشی کرد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کەرکوك دەبێ ناسنامەیەکی ئینسانی هەبێت. وە لە درێژەی قسەکانیدا بەم بۆنەیەوە رێزو سلاوی بۆ کادرانو ئەندامانی حیزب ناردو پیرۆزبایی یادی دامەزراندنی حیزبی لێکردن. دواتر ئاهەنگەکە بە پێشکەشکردنی شیعرو گۆرانی درێژەی پێدراو لەکۆتایی ئاهەنگەکەشدا شیرینی بەسەر ئامادەبوواندا دابەشکراو ئاهەنگەکە لەناو شۆڕوشەوقی ئامادەبوواندا کۆتایی پێهات.

